# هێزو جێکەوتەکانی دانانی هێز

پ.د. محەمەد عەبدولفەتاح سەعید(مەحوی)    م.دلْشاد محمد غەریب
زانکۆی سلێمانیی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ (هێز و جێکەوتەکانی دانانی هێز) تەرخانکراوە و بەشێکە لە نامەی لێکۆڵەر، لەژێر ناوی (هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووك) دا. هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زانستی تەرزەکانی هێز و شوێنەکانی لە وشەی - سادە و مۆرفۆلۆژیدا دیاریبکات.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

ئەو لێکۆڵینەوەنانەی لەمەڕ کێشە و یاساکانی ڕێزمانی کوردییەوە ئەنجام دراون، تاڕادەیەك بەرهەمی بەکەڵک و پر بایەخیان لە نیشاندان و شیکردنەوەی دانە ڕێزمانییەکاندا هێناوەتە ئەنجام، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێك کەلێن و بابەتی زانستی تر هەن، بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە. بۆیە بەپێویستی دەزانین، بەپێی توانست و بەشێوەیەکی زانستی هەندێك زانیاریی لە بارەی هێز و جێکەوتەکانی دانانی هێز لە شێوەزاری کەرکووکدا بخەینە ڕوو، چونکە وەکو پێویست توێژینەوەیەکی تایبەتی لەسەرنەکراوە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی( وەسفیی – شیکاریی)، واتا بەئامانجی دەستنیشانکردنی جێکەوتەکانی هێز لە وشەکانی زماندا، شیکردنەوەکان بەتیۆریی هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی دروستەکاریی و ڕێزمانی بەرهەمهێنان جێبەجی دەکرێت. لەم پرۆژەیەدا لەپاڵ (ئەلفوبێ- فۆنێمی) کوردیی و لاتینییەکە، (ئەلفوبێ - فۆنەیتیکی) جیهانی (IPA) یش بەکارهاتووە. نمونە و داتاکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی شێوەزارەکەوە وەرگیراون.

سنوری لیکۆڵینەوەکە

پیکهاتەکانی زمان لە هەمو یەکەکانیدا، پەیوەندیی بەهێز و پتەو لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، هەمویان پێکەوە بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمان پێڕەوبەندانە کاردەکەن و بەکاردەهێنرێن. پێکهێنەرەکانی زمانیش پێڕەوێکی دابڕاو و بەیەکتر نین، بەڵکو بەشێوەیەك چڕ و تێکچڕژاو و لە پەیوەندیدان و پێڕەوی گەورەتر دروستدەکەن. لەم تێڕوانینەوە، ئەگەر چی سنوری لیکۆڵینەوەکە تایبەتە بە(هێز) ەوە، بەڵام پەنابراوەتە بەر پێکهاتەکانی تر، وەکو ( فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی).

گرنگی لیکۆڵینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەویە لە ئەوەدایە، هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە هێز پتر پەیوەستە بەبڕگەییەکانەوە و بۆ گۆڕینی واتا نییە. بەڵکو پەیوەستە بەدەستنیشانکردنی جێکەوتەکانی هێزەوە لە وشەی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژیدا.

ناورۆکی لێکۆڵینەوەکە

ناوەرۆکی توێژینەوەکە بریتییە، لە پێشەکییەك و دوو بەش و ئەنجام و پوختەی لێکۆڵینەوەکە.

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا بۆ بەرچاو رونیی تەنها بەکورتیی ئاماژە بەو لێکۆڵینەوانە دراوە، کە گفتوگۆیان لەسەر هێز لە زمانی کوردییدا کردووە.

بەشی دوهەم: ئەم بەشەیان بۆ هێز و جێکەوتەکانی (دانانی هێز) لەشێوەزاری کەرکووك تەرخانکراوە، واتا بەوردیی تەرزی هێز لە

وشەی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیدا دیاریدەکرێت.

بەشی یەکەم

١-١)پێداچوونەوە بەکارەکانی پێشوودا

ئەگەر بەوردیی بەبەرهەمە زمانەوانییەکاندا بچینەوە، دەبینین هەندێك لە توێژەرانی زمانی کوردیی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر (هێز) لە زمانی کوردیدا کردووە و هەریەکەیان بەگوێرەی نیاز و مەبەستی لێکۆڵینەوەکانیان ئاماژەیان بەو بابەتە داوە. بێگومان، ئەم بابەتەیش وەکو هەمو بابەتەکانی دیکەی زمانی کوردیی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە و سەربەخۆ هەیە. لەبەجێهێنانی ئەم کارەدا، بەپێویستمان زانی بەکورتی پێداچوونەوەیەك بەو سەرچاوانەدا بکەین، کە لە مێژەوە تا ئەمڕۆ لەبارەی ئەم بابەتەوە نوسراون.

١) Maccarus Ernest N.(١٩٥٨: ل٣٤- ٣٦) لەژێر سەرناوی (هێز - stress) دا، هێز بەم شێوەیە دیاریدەکات (هێزی لێکسیکی - lexical stress ) و (هێزی سەرەکیی - primary stress ) پاشان وەکو دەسپێکێك بەکورتی چەند نمونەیەك سەبارەت بە پلەیی هێزی بڕگەیی وشە دەخاتە ڕوو.

١-a “/mor’ə/ : /mórə/

b /lə pášəwə/ : /lə pášəw’ə/"

لەو دوو نمونەیەدا ئەوە نیشاندراوە، کە ئەو بیچمانە لە ڕوی فۆڕمەوە لەیەک دەچن و هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵام بەهۆیی هێزەوە واتای جیاوازیان هەیە.

لێکدانەوەیی تەواوی بۆ نمونەکان نەکردووە، جگە لەوانەیش لەبارەیی تەرزیی هێزەوە بەپێی بەرزیی و نزمیی دەنگەکان لە ئاخاوتندا سێ پلەیی (بەرز، ناوەند، لاواز) دیاریی کردووە.

پاشان لە هێزیی سەرەکیی (primary stress) دواوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە دوو جۆر قورسایی هەیە، بەمەبەستی جەختکردنەوە دەخرێنە سەر وشەیەك لە وشەکانی ڕستە. لەنمونەکانیشدا نیشانەی (O) بۆ هێز بەکارهێناوە، وەك

“ ( ٢ lérə Ogoním héyə”(ل٣٥).

لەو ڕستەیەدا، ئەوە نیشاندراوە، کە قورساییێکی زیاتر خراوەتە سەر وشەی (Ogoním) ئەمیش بۆ ئەوەیە قسەکەر لەکاتی قسەکردندا زیاتر سەرنجی گوێگر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لەهەمان کاتدا دەشێت وشەکانی دیکەی هەمان ڕستە قورساییێکی کەمتر لەخۆبگرن و بەم جۆرە هێزەی دواییان دەوترێت (secondary stress).

٢) D.N.Mackenzie (١٩٦١) نزیکەی (٥٠) لاپەڕەی بۆ لێکۆڵینەوەی (فۆنۆلۆژیی) تەرخانکردووە، لەم بەشەدا لە پێڕەویی فۆنێمەکانی شێوەزارەکانی (سلێمانی، وارماوە، موکریان، پشدەر...هتد) دواوە و بێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر شێوەزاری کەرکوك، یاخود گەرمیانی کردبێت. لێکۆڵەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش ئاماژە بۆ (هێز - stress) دەکات(٨-١١).

٣) Muhammad Maruf Fatth (١٩٩٧) لەلاپەڕە (٤٥ -٥٧) لە هێزی کۆڵیوەتەوە. سەرەتا لەپێشەکیەکەیدا هەندێك زانیاریی لەبارەی هێزەوە لە زمانی (کوردیی- دیالێکتی ناوەڕاست)ەوە خستووەتە ڕوو. لە ڕوانگەی جۆرایەتی تەرزەوە تیشك خراوەتە سەر ئەوەی هیز خاوەنیی شوێنی ( چەسپاو - سەربەست) نییە، بەڵکو لە سنورێکی دیاریکراودا هێزی سەربەستی هەیە.

لێکۆڵەر لەلاپەڕە (٤٦)دا، سێ جۆر هێز (سەرەکیی، ناوەند، لاواز) دیاریدەکات و بێ ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا هیچ نیشانەیەکی بۆ جۆرەکانی هێز بەکارهێنابێت. هەروەها لەبارەی بڕگەیی بێهێزەوە، وەهای دادەنێت هەمو بڕگەیەک بەردەوام هەندێک هێزی بەسەرەوە دەبێت. توێژەر بەمەبەستیی دیاریکردن و خستنە ڕوی تەرزەکانی (هێز) لەزمانی کوردییدا، بەوێنە ئاماژە بە فرێزیی ”ma:mosta:ka”(ل٤٦) دەکات، کە لەچوار بڕگە پێکهاتووە، پاشان بەم شێوەیە تەرزەکانیی هێزی بڕگە لەو فرێزەدا دیاریدەکات، وەك مۆرفێمی /-ka:n/ لە هەمو بڕگەکانی تر بەرزترە، بڕگەکانیی [ma . mos] نزمترین بڕگەن و هێزی سێهەم وەردەگرن، جگە

لەئەوەیش ئەوەی  نیشانداوە برِگەکانی دوایی ناشێت لاواز یان بێهێزبن، چونکە دەنگە برِگەییەکان پلەی خۆیانیان پاراستووە، برِگەیی [-:ta] له برِگەکانی [ma . mos] بەرزترە، بەڵام لە برِگەیی [-ka:n]نزمترە و خاوەنی هێزێکی ناوەندییە. نوسەر بەمەبەستی دیاریکردنی تەرزەکانی هێز لە وشەی سادەدا - لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، وشە دابەش دەکات بەسەر:

ا- وشەی تەنیا(سادە و لێکدراو).

ب- وشەی دارِێژراو.

سەبارەت بەهێزی وشەی سادە، لەلاپەڕە (٤٧) دا، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە هێزی سەرەکیی دەکەوێتە سەر دوا برِگەیی - وشەی سادە و بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەك بۆ هێز دابنرێت.

٤) Waria Omar Amin (١٩٧٩٢٦ - ٢٩ :) لە(هێز- stress ))دواوە، لێکۆڵینەوەکەی پتر بەهێزی وشەوە دەبەستێتەوە و بەتایبەتی لە هێزی سەرکیی دواوە. لێکۆڵەر ئەوەی نیشانداوە، کە کاتێك وشەیەکی فرەبرِگەیی بەتەنها گۆدەکرێت، هێز دەکەوێتە سەر برِگەیەك لە برِگەکانی وشە و بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەر دوابرِگەی وشەکە و بەو جۆرە هێزە دەوترێت هێزداری لەخۆوە و توند، هەروەها هێزی سەرکیی وشە بەبرِگەکانی دیکەوە دەبەستێتەوە.

کاتێك هاتووەتە سەرباسی (پێشگر)ەکان، بەوێنە، وەهای لەقەڵەمداوە پێشگر بەپێچەوانەی پاشگرەوە هێز  وەرناگرێت(ل٢٩).

- haɫ-girtin		girtin.

هەر لەهەمان لاپەڕەدا لەباسی ((other suffixes))دا، نوسەر لەو باوەڕەدایە، هەندێک لەو پاشگرانەی کە هێز وەردەگرن، ناتوانرێت بەئاسانی پۆلێن و دابەشبکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی لە پاشگرە دارِێژراوەکان دەچن.

- kuř- aka		kuř .

لە دوا باسدا (هێز وەکو توخمێکی هەمبەریی - stress as a contrastive element)  باسکراوە، بەوێنە بەراوردی لە نێوان مۆرفێمی /-n/ دەکات، ئەوەی نیشانداوە لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە لەیەک دەچن، بەڵام لە ڕوی گراماتیکەوە جیاوازن(ل٢٩).

٥) Abdul-Majeed Rashid Ahmad (١٩٨٦: ٨٠-٩٠) لە هێز دواوە. سەرەتا لەلێکۆڵینەوەکەیدا بەکورتیی هەندێک زانیاریی لەبارەی )هێزی - وشە و هێزی - فرێز( ەوە لە زمانی کوردیدا خستووەتە ڕوو. هێز بەوە دەناسێت، کە(توندی و بەرزییە) و نیشانەی /ˊ/ بۆ هێزی سەرەکیی و /ˎ/ بۆ ماماوەند بەکاردەهێنێت. لە ڕوانگەی فۆنەیتیکییەوە تیشکیخستووەتە سەر ئەوەی، کە سێ جۆر- هێز بەدی دەکرێت ( سەرەکیی، ناوەند، نزم) بۆ ئەم مەبەستەیش چەند نمونەیەك خراوەتە ڕوو. لە لاپەڕەکانی (٨٠ -٨١) دا، ئاماژە بەئەوە دەکات، لەپێکهاتەی فۆنۆلۆژییدا یەك پلە - هێز (سەرەکیی) هەیە و سنورێکی (چەسپا - سەربەستی) نییە، بەڵکو بەپێی جۆری وشەکان جێگۆڕکی دەکات.

٦) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٤) لە بابەتی فۆنۆلۆژیی دواوە، بەتایبەتی کاتێك دێتە سەرباسی نوسین و ئاخاوتن  بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی هێز دەکات (١٧-٢٢). ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە ئاخاوتن تەنها پەیوەست نییە بەدەنگەوە، بەڵکو پەیوەستیشە بەهێز و بەرز و نزمی و وەستانی وشە و زاراوەوە (١٩)بەوێنە، ئەوە نیشاندەدات، کاتێك هێز دەکەوێتە سەر برِگەیەك لە برِگەییەکانی وشە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە.

لێکۆڵەر لەلاپەڕە (٤٧-٤٩) دا، دیسانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەژێر سەرباسی (هێز)دا دەدوێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینیێت، ئەوەیە، کە لەم باسەیدا هیچ زانیارییێکی نوێ تۆمار نەکردووە.

٧) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦: ٦٩-٧١) لە هێز دواوە و سەرەتا بە پێناسەیەك دەستی پێکردووە، کە تێدا دەڵێت: ((لەکاتی ئاخاوتندا هەندێ برِگە درێژتر و بەهێزتر و توند تلفظ دەکرێت))(٦٩). بۆ ئەم باسە وشەی /باران/ ی هێناوەتەوە و ئاماژەی بەئەوە داوە، کە لە دوو برِگە پێکهاتووە و برِگەی کۆتایی/ران/ لە برِگەی یەکەم /با/ درێژتر و توندتر دەردەبڕرێت، بەو جۆرە برِگانەش دەوترێت (برِگەی هێزدار -stressed syllable ).

٨) غازی فاتح وەیس (١٩٨٤: ٨٤-٩٣) لە بارەی هێزەوە دواوە و بەپێی زانیاری و نەخشەکان ئامێری دەنگ بۆ دیاریکردنی شوێنی هێزی وشە بەکارهێناوە (٨٤-٩٣). دەربارەی (هێز) نوسیویەتیی : (( سترێس (stress) ئەو هێزەیە کە ئەکەوێتە سەر برِگەیەك لە برِگەکانی

وشه.))(٨٤). پاشان هەندێک تایبەتمەندیی هێز دەخاتە ڕوو.

٩)ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن کانەبی (١٩٩٨) گفتوگۆی لەسەر چەند لایەنێکی هێز کردووە. سەنگ و قورسایی ئەم نامەیە کەوتووەتە بەشی دوهەمیەوە و ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە:
- پێناسەی هێز، لەم باسەیدا تەنها چەند پێناسەیەکی هێزی خستووەتە ڕوو (٦٢-٦٥).
- سروشتی هێز لە ڕوی فۆنەیتیکەوە، لەم باسەیشدا، دەڵێت: ((بۆ ناسینی هێز و دەستنیشانکردنی سروشتی بڕگەی هێزدار دەبێ لە دوو ڕێگاوە هەوڵی بۆ بدرێت.
یەکهەم- لە ڕێگای قسەکەرەوە، دەبێت بزانیین چ چالاکییەك دەنوێنێت لە دەربڕینی بڕگەی هێزداردا.
دووهەم - لە ڕێگەی گوێگرەوە، دەبێت بزانیین چ سروشتێکی دەنگ وا دەکات، کە بڕگە وادیار بێت بۆ گوێگر کە هێزدارە))(٦٥-٧٨).

- هێز لەئاستی فۆنۆلۆژیدا:
لێکۆڵەر ئاماژە بەوە دەدات هەر زمانەی کۆمەڵێك یاسای تایبەتی بەخۆی هەیە، هەرچەندە هێز سیمایەکی ناکەرتییە و لە هەموو زمانێکدا هەیە. پاشان ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە هێز لەزماندا ئەرکی فۆنیمی هەیە (٧٨).
دواتر لەژێر ناوی هێزی وشەی (لێکسیکی - فەرهەنگیدا) دەڵێت: ((مەبەست لە هێزی ئەو وشانەیە کە لە فەرهەنگدا و لە دەرەوەی زنجیرەی قسەکردندا (قسەی بەردەوام) بەتەنهای بەکاردەهێنرێن))(٧٨). لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا، ئاماژە بۆ شوێنی هێز لە وشەی( سادە و نسادە)ی زمانی کوردیی ( شێوەزاری - هەولێر)کردوە. بۆ ئەم گفتوگۆیە، نمونەی وشەی سادەی (یەك بڕگەیی و دوو بڕگەیی و سێ بڕگەیی و چوار بڕگەیی) خراوەتە ڕوو (٨١-٨٣).

١٠) عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٩)، بەهەمان شێوەی ڕەحمان ئیسماعیل (١٩٩٨) لە بابەتی (هێز) دواوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینیبێت، ئەوەیە لەم بەرهەمەدا لە ڕوی زانستی و پراکتیکییەوە شتێکی نوێ بەدی ناکرێت، هەمان ئەو نمونانەن کە لە بەرهەمەکانی ڕابردوودا نوسراون و بەهەمان شێوە لە دروستەی بڕگە و بڕگەکانی وشە نەدواوەوە، کە بۆ شوێنی هێز زۆر گرنگن.
قورسایی ئەم بەرهەمەیش کەوتووەتە بەشی دوهەمەوە و ئەم بابەتانەی لە خۆگرتووە:
- لێکۆڵەر سەرەتا لە (هێز - stress) دەدوێت (٤١-٤٣). لەم بەرهەمەیدا بەشێوەیەکی کورت لە دەنگەکانی زمان دەدوێت و ئەوە نیشاندەدات، کە دەنگەکان لە ڕوی لەرینەوەی تاڵە ژێیەکانەوە (کپ و گڕ) یان هەیە، لەهەمان کاتدا بەسەر (ڤاوڵ و کۆنسۆنانتدا) دابەشدەبن، بەزۆریش دەنگە (ڤاوڵ) کان هەڵگری هێزن. لەگەڵ ئەوەیشدا تیشکدەخاتە سەر (فۆنەیتیکی ئۆرگانی) و تاڵە باریکەکانی قوڕك، هەروەها لایەنی فیزیکی دەنگەکانی ئاخاوتن و چۆنێتی گواستنەوەی دەنگەکان و شەپۆلی هەوا لە دروستبونی دەنگەکاندا.
دواتر لە لاپەڕە (٥١)دا، دەڵێت: ((توێژینەوەی هێز لە زمانەوانیدا پتر تایبەتمەندە بەتیشك خستنەسەر پەیوەندیە دەرکەوتووەکانی نێوان بڕگەکان)). واتا هێز دەبێتە هۆی ئەوەی بڕگەیەك لەبڕگەیەکی درێژتر یان کورتتر گۆبکرێت. هەر لەم بارەیەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هێز لە زمانی کوردیدا جێگۆڕکی دەکات و لە ئاخاوتندا بایەخی گرنگ و تایبەتی هەیە.

١١) تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٥) گفتوگۆی لەسەر هێز کردوە (٨٧-٩٤). سەرەتا بەچەند پێناسەیەك دەستپێکردووە. دواتر لەژێرناوی (پلەکانی هێز)دا، چوار جۆر پلەی هێز دیاریکراوە، وەك (هێزی سەرەکیی، هێزی دوهەم (ناسەرەکیی)، هێزی لاوازتر لە هێزی سێهەم، هێزی لاواز). ئەوەی جێگای تێبینی و سەرنجبێت هیچ نمونەیەك یاخود ڕونکردنەوەیەك نەخراوەتە ڕوو (٨٨-٨٩). پاشان دێتە سەرباسی جۆرەکانی هێز و ئاماژە بەوە دەدات، کە لە ڕوی جێگیری و ناجێگیریەوە دوو جۆرە (هێزی چەسپاو و هێزی ئازد) بەدیدەکرێت، دیسانەوە لەم باسەیشدا هیچ نمونەیەك نابینرێت.
لە کۆتایشدا باسی (هێزی ڕستە) کراوە (٨٩-٩٤). ئەگەرچی هەندێك نمونە خراونەتە ڕوو، بەڵام لە نمونەکاندا هیچ زانیارییێکی نوێ بەدیناکرێت.
١٢)محەمەدی مەحویی (٢٠١٦)بەرهەمێکی گەورەی بڵاو کردووەتەوە، بۆ نمونە سەرەتا لاپەڕەکانی (١٤٢-٢٥٢) وەکو دەسپێکێك بۆ هێز تەرخانکراوە. دواتر لە بۆ چونی دوهەمەدا بەشێوەیەکی زانستیی جێکەوتەکانی هێز لە وشەی سادە و ناسادە دیاریکراوە(٢٠٣-٣٥٣).

وەکو (هێزی سەرەکیی، هێزی ناسەرەکیی- دوهەم). دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێت، لەم لێكۆلینەوەیەدا بە زۆری سوود لەو بەرهەمە دەبینرێت.

كورتە و پوختەی بۆچونەكان

ا- ئەگەرچی زمانناسان لە لێكۆڵینەوەكانیاندا هەندێک زانیاری گرنگیان لەبارەی هێزەوە خستووەتە ڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پتر گرنگییان بەم بابەتانە داوە، وەك:

١- گرنگیی زیاتر بە پێناسەی هێز و جۆرەکانی دراوە. ٢- هێزی وشە و گیرگەكان.

٣- هێز واتا گۆڕە و بە فۆنیمی بێوێنە ناسراوە. ٤- هێز لە فرێز و ڕستەدا.

٥- بەشێوەیەکی زانستی سنور لە نێوان(وشە و فرێز و ڕستە) نەكراوە.

ب- ئەوەی لەو لێكۆڵینەوانەدا ئاماژەیان پێنەدراوە، ئەم بابەتانەن، وەك:

١- پێڕەوی فۆنێمەكان و دروستەی بڕگە و بڕگەکانی وشە، هەندێکیان، وەک: (مەکەنزی و محەمەد مەعروف فەتاح و عبدوڵمەجید ڕەشید) هەندێک زانیارییان خستووەتە ڕوو، لە لێكۆڵینەوەكانی تردا گرنگییان پێنەدراوە و دیارینەكراون، كە بۆ هێز گرنگن.

٢- پەیوەندیی نێوان هێز و جۆری برگەییەكان چییە و چۆنە؟ پەیوەندیی كاتە گۆری هێز چییە؟.

٣- بەشێوەیەکی گشتیی لە لێكۆڵینەوەكاندا دوبارەبونەوە و لاسایکردنەوە بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی لەو لێكۆڵینەوە و نمونانەی، كە وەهای دادەنێین لە زمانی كوردییدا جێگۆڕكیی هێز دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. لەگەڵ ئەوەیشدا جۆری نوسینی فۆنێمەكان بایەخی پێنەدراوە.

٤- وەهای دادەنێین لە زمانی كوردییدا باسەکانی(مەكارەس، محەمەد مەعروف فەتاح، عبدوڵمەجید ڕەشید، ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، عبدالوەهاب خالید موسا، محەمەدی مەحویی) فراوانترین لێكۆڵینەوەن، كە لەسەر هێز ئەنجامدراون.

٥- زیاتر گرنگیی بە هێزی وشەی فەرهەنگیی دراوا و گرنگییەكی ئەوتۆ بە هێزی (وشەی مۆرفۆلۆژیی و فرێز و ڕستە) نەدراوە. سەرەڕای ئەوەیش نەتوانراوە بەشێوەیەكی زانستی و تەواو سنورێك بۆ هێزی وشە و ڕستە دابنرێت، هەندێك جاریش باسەكان تێکەڵكراون، كە پێویست بوو جیابكرێنەوە.

## بەشی دوهەم

## تەرزی هێز لە وشەی فەرهەنگییدا

### ٢/ ١) تەرزی هێز لە وشەی سادە و مۆرفۆلۆژییدا

هێز زاراوەیەكە گوزارشت لە ڕادەی ئەو قورساییە دەكات، كە دەكەوێتە سەر برگەیەك لە برگەكانی وشە، یاخود دەخرێتە سەر بڕگەیەگ لەناو برگەكانی یەكەیەكی زمانییدا (وشە، فرێز، ڕستە)(محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ١٦٧). پێدەچێت تەرزی هێزیش لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر بگۆڕێت، یان وەكو یەك نەبن. ئەو جیاوازییە باوەی لە نێوان بڕگەیی هێزدار و بێهێزدا هەیە، ئەوەیە برگەی هێزدار ماوەی دەربڕینی لە بێهێزكە زیاترە، چونكە لە كاتی گۆكردنی برگەی (بێهێز - unstressed )دا، گرژییەك لە ڕوی ئۆرگانییەوە بەدیدەكرێت (أبراهیم أنیس : ١٩٧٥ : ١٧٠). لە زمانی كوردییدا وەهانیشاندراوە، كە (هێز - stress) هیچ فۆرمێكی نەبێت، گۆكردنیشی بۆ جیاكردنەوەی پۆلەڕەگەزە سەرەكییە فەرهەنگییەكانە. قسەكەرانی زمانیش بەئاسانی و بەبێ هیچ كێشەیەك لەئەو شوێنانەدا بەكاریدەهێنێت، كە پێویستە بەكاربهێنێت. ئەو بۆچونە لەگەڵ ئەم لێكۆڵینەوەیەدا ناگونجێت. بۆ جێكەوتە و نیشاندانی برگەی هێزدار لە بێهێز، هێماكانی ( ' ) بۆ برگەی هێزدار و بۆ برگەی بێهێزیش ( ˚ ) بەكاردەهێنرێن.

دانانی هێز لە(شێوەزاری كەركووك)دا، بەهەمان شێوەی (كرمانجیی ناوەڕاست – شێوەزاری سلێمانی) هێز لە وشەی فەرهەنگیدا دەبیسترێت، مەبەستیش لە وشەی فەرهەنگی تەنها ( ئایتمە تاكو تەنهاكان- isolated items) لەخۆدەگرێت و هیچ پێشگرێك یاخود پاشگرێكی لەگەڵدا نییە. برگەییە خاوەكان (/ وو ~ وی/، / یی/) و گرژەكانی سەرەوە (/ و، ی/) بەفۆنیم ئەژماركراون و لە برگەكانی ناوەوە و كۆتایی وشەی فەرهەنگیدا جیاواز دەردەكەون. بۆ نمونە، تەنها لە وشەی یەك - بڕگەیی ( cvc ) داخراوەدا فۆنێمی خاون و لە جێكەوتەكانی تردا لەبنەڕەتدا گرژ و بێهێزن ، بەڵام كاتێك هێز دەخرێتە سەریان خاو دەردەبڕرێن و بەرجەستەدەكرێن. جگە لەئەوەیش لە وشەی فەرهەنگیی (cvcc ) دا، لە دەربڕیندا گرژن، بۆیە لە فەرهەنگدا ماركە لێدراون و هیچ جۆرە هێزێك وەرناگرن.

بەمەبەستی خستنەڕووی نموونەکان، بۆ هەر بڕگەیەکی هێزدار، لە نوسینەوەی فۆنەیتیکیەکەی ناو دوو کەوانەی شکاوەدا[ ]، پەیکاڵ لەگەل چەشنی هێزەکەدا هێمای ( ' ) بۆ هێزی سەرەکیی دانراوە. لەپاڵ ئەوەیشدا بۆ بڕگەیی درێژ بەدوو ( : ) خاڵی لەسەر یەك و بۆ کورتیش بەبی خاڵ ئاماژەیان پێدەدرێت. هەروەها خاڵێك ( . ) لە نێوان بڕگەییەکاندا وەکو نیشانە بۆ جیاکردنەوە و سنوری بڕگەکان دادەنرێت (محەمەدی مەحوی : ٢٠١٠ : ٢٢٥). وەهای بۆ دەچین وشە فەرهەنگییەکان بە زۆری هەڵگری هێز بن و بەزۆریش هێزی سەرەکیی بکەوێتە سەر بڕگەی کۆتاییان، لەگەڵ ئەوەیشدا بەپێچەوانەی (Muhammad Maruf Fatth: ١٩٨٠ : ١٨٢)ەوە، پێشبینی وشەی (بێهێز - unstress )یش دەکەین.

١-١/٢)تەرزی هێز لە وشەی فەرهەنگییدا

١- وشەی فەرهەنگیی - سەرەکیی

لەم جۆرە وشانەدا، هێزی سەرەکیی کاتەگۆریە سەرەکییە فەرهەنگییەکان، بەتایبەتی وشەی دوو- بڕگەیی و فرە - بڕگەییەکان بەزۆری دەکەوێتە سەر دوابڕگەی وشەکان.

| | | |
|---|---|---|
| / باران/ | [baran >[ba . ra:n> | |
| / سایە/ | [sa: . yə> | [saye> |
| / گۆران/ | [goran>[go . ra:n> | |
| / کەرکووك/ | [kər . ku:k> | [kerkuk> |
| / هانا/ | [:hana>[ha . na> | |

١- وشەی فەرهەنگیی ناسەرەکیی

هێزی سەرەکیی لە وشەی کاتەگۆریە فەرهەنگییە ناسەرکییەکان، بەتایبەتی وشەی دوو- بڕگەییەکان بەزۆری لەسەر بڕگەی سەرەتا دادەنرێت (وریا عومەر ئەمین: ١٩٧٦: ٢٦، مەحەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ٢٠٩ - ٢١٠).

| | | |
|---|---|---|
| / چونکە/ | [ʧun . kə] ˜[ʧun . ku> | [çunke> |
| / بەلام/ | [bə . łam> | [beĺam> |
| / هەمو/ | [hə . mu> | [hemu> |
| / بۆیە/ | [bo . yə> | [boye> |

٢-١/٢) تەرزی هێز لە وشەی سادەی یەك - بڕگەییدا - monosyllabic words

مەبەست لە وشەی سادە, ئەو وشانەن، کە تەنها لە یەك - مۆرفێمی سەربەخۆ پێکهاتوون و هیچ پێشگر و پاشگرێکیان لەگەڵدا نییە. لەم گفتوگۆیانەدا ئاماژە بۆ ئەو وشە یەك - بڕگەییانە دەکرێت کە سەر بە بەشەئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکرار، ناویی کرداریی)ن. وەهایدادەنێین، لە وشە سەرەکییەکاندا، بەبڕگە کراوە و بڕگە بەیەك نابڕگەیی و داخراوەکانی وشەسادە یەك - بڕگەییەکان بەزۆری هەڵگری هێزبن و هێزەکەیش لەسەر ئەوا بڕگە دەربکەوێت.

یەکهەم- وشەی سادەی یەك - بڕگەیی کراوە

مەبەست لەو جۆرە وشانەیە، کە بە بڕگەیی کۆتاییان دێت. لەم باسەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو وشانە دەکرێت، کە سەر بە بەشەئاخاوتنی (/ ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار/)ن، کە لەیەك وشەی سادەی یەك - بڕگەیی پێکهاتوون. وەهای بۆدەچین هێز لەم جۆرە وشانەدا، بەهۆی (خاویی و گرژی) بڕگەییەکانەوە جۆراوجۆربن.

ا) بڕگەی سادەی کراوە، خاو و هێز لەسەر (/ CV u:, i:/)

| | | |
|---|---|---|
| / ڕوو/ | [Ru:] ~ [Rwi > | [rû > |

/ سیی/ [ si > [:sî >

/ زووێ/ [zu:] ~ [zwi > [zû >

ب) برگەی سادەی كراوە، گرژ و بەبێهێز (/ CV u, i/)

/ تو/ [tu > [tu >

/ بی/ [bi > [bî >

پ) برگەییەكانی ڕیزی ناوەڕاست و خوارەوە، لە برگەیی سادەی كراوەدا CV گرژ و بێهێزن، بەڵام سەرپشكیانە هێز وەردەگرن.

/ دۆ/ [do:] [do] ˜> do>

/ شا/ [ʃa] ˜> Şa>[ʃa:]

/ ڕێ/ [Re] ˜> rê>[Re:]

/ دە/ [də:] [də] ˜> de>

نمونەكانی (ا) ئەوە نیشاندەدەن، كە برگەییەكانی سەرەوە (/ [i /[u:] [:û, î ) لە وشەی یەك - برگەیی cv كراوەدا فۆنێمی خاو و هێز لەسەرن. بەڵام لە نمونەی (ب) دا، برگەییەكانی (/ [i /[u] [u, î ) لەبنەڕەتدا ماركەلێدراون و فۆنێمی (گرژ/كورتن). سەبارەت بە برگەییەكانی (ناوەڕاست، خوار) ەوە، بەهەمان شێوە لە بنەڕتدا گرژن، بەڵام دەكرێت سەرپشكییانە ( درێژ/خاو) بەرجەستە بكرێن، بڕوانە نمونەكانی(پ). هەروەها لە شێوەزارەكەدا لەبەر ئەوەی وشەی یەك - برگەیی كراوە بە برگەییە ساردەكە [ ɨ] و هەندێك لە برگەییەكانی دیكە نابینرێنەوە، بۆیە نمونەیان بۆ نەهێنراوەتەوە. جگە لە ئەوەیش وەهای بۆدەچین، برگەییە ساردەكە لە وشەی - یەك برگەیی كراوە یاخود بە دوو نابرگەیی داخرویش هێز وەرناگرێت، بەڵكو تەنها لە برگەی كۆتایی وشە فرە برگەییەكاندا هێز وەربگرێت (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ٢٢٦).

دوهەم - وشەی سادەی یەك- برگەیی داخراو cvc

مەبەست لەو جۆرە وشانەیە، كە بە دەنگێكی نابرگەیی كۆتاییان دێت، وەك:

ا) برگەیی سادەی داخراو، خاو و هێز لەسەر (/ [i /[u:], [:û, î )

/ تیر/ [tîr>[ti:r>

/ سییر/ [si:r> [sîr>

/ پییر/ [pîr>[pi:r>

/ كووڕ/ [ku:R> [kûr̂>

/ دوور/ [du:r] ˜ [dœr> [dûr>

/ سوور/ [su:r] ˜ [sœr> [sûr>

ب) برگەیی سادەی داخراو، گرژ و بەبێهێز (/ [i /[u], [u, î )

/ قوڕ/ [qur̂>[quR>

/ كول/ [kul>[kul>

/ كوڕ/ [kur̂>[kuR>

پ) برگەییەكانی دیكە، سەرپشكییانە هێز وەردەگرن

/ شان/ > [ʃa:n] Şan>[ʃa:n]

/ خۆر/ > [xor] xor>[xor]

/ شێر/ > [ʃe:r] Şîr>[ʃe:r]

/ شەن/ > [ʃə:n] Şen>[ʃə:n]

/ خوێن/ [xœn> [Xwên> ˜[xœn]

/ دویر/ > [dwir] ˜[du:r] dwir>[ dwir] ˜[du:r]

لەو نموونانەی سەرەوەدا، بڕگەییەکانی سەرەوە (/ i] [u:] /î ,û:] ) لە ( ا )دا، لە هەندێك وشەی یەك - بڕگەیی cvc داخراوەدا فۆنیمی خاون. هەروەها بڕگەیی (/ u ˜ û: /) لە جێکەوتەکانی تردا لە بنەڕەتدا گرژ و بێهێزە، بەڵام کاتێك هێزیان دەخرێتە سەر خاو دەردەبڕرێت و بەرجەستەدەکرێت، بڕگەیی (/ i ˜ î: /)یش لەناو ئەو جۆرە وشانەدە نابینرێتەوە (بڕوانە: ب). بڕگەییەکانی تر لەبنەڕەتدا مارکەلێدراون و فۆنیمی گرژن، بەڵام کاتێك هێزیان دەکەوێتە سەر، بەفۆنەیتیکی خاو دەردەبررێن (بڕوانە: پ).

سێهەم - وشەی سادەی یەك - بڕگەیی داخراو cvcc

ا) لە شێوەزارەکەدا بڕگەییەکانی سەرەوە (/ i ], [ u ]/ î ,u ] ) لە (وشەی سادەی یەك - بڕگەیی) داخراودا، لە دەربڕیندا گرژن، بۆیە لە فەرهەنگدا مارکەلێدراون و هیچ جۆرە هێزێك وەرناگرن.

/ قورس/ [qurs>[qurs>

/ گوند/ [gund>[gund>

/ بیست/ [bîst>[bist>

/ نیسك/ [nîsk>[nisk>

ب) بڕگەییەکانی ڕیزی ناوەڕاست و خوارەوە سەرپشکییانە هێز وەردەگرن.

/ ماست/ [ma:st> [mast>

/ گۆشت/ [goşt>[go:ʃt>

/ پێست/ [bêst>[best>

/ خوێن/ [xwên>[xœn>

/ بەرد/ [bərd> [berd>

/ مشك/ [ mişk>[miʃk ~ mœʃ>

وەهای دادەنێین لە نموونەکانی (ا)دا، کە تایبەتە بەبڕگەییە گرژەکانی سەرەوە (/u, i/)، کە بە دوو نابڕگەیی داخراوی کۆتاییان دێت CVCC هێز و قورسایی وەرناگرن. بەڵام لە نموونەکانی (ب)دا، بڕگەییەکانی دیکە بە سەرپشکی هێز وەردەگرن.

٣-١/٢) تەرزی هێز لە وشەی سادەی فرە - بڕگەیی (دوو - سێ - چوار) دا

لەسەرەوە بەپێی توانا ئاماژە بەهێزی )یەك - بڕگەیی( درا، نموونە و داتاکان ئەوەیان نیشاندا، کە بەزۆری هێز دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەکان، بۆیە سەبارەت بە تەرزی هێز لە وشەی فرە - بڕگەیی (دوو - سی - چوار)دا ، هەمان پێشبینیمان هەیە و وەهای بۆ دەچین هێز بکەوێتە سەر دوا بڕگەی - بڕگەییەکانی وشەکان.

١- وشەی سادەی دوو - بڕگەیی

/ باران/ [baran >[ba . ra:n>

/ خەسرەو/ [xesrew>[xas . rəu>

/ سەیران/ [seyran>[səi . ra:n>

/ کەرکووك/ [kerkûk>[kər . ku:k>

/ ئومێد/ [wmêd>[ʔu . med>

/ دڵشاد/ [dilşad >[diɫ . ʃa:d>

/ هێلکە/ [hêlke>[hel . kə>

٢- وشەی سادەی سێ - بڕگەیی

/ سلێمانی/ [slêmanî>[sle . ma . ni>

/ کامەران/ [kameran> [ka . mə . ra:n>

/ قارەمان/ [qareman>[qe . rə . ma:n>

لە وشەی سادەی سێ - بڕگەییدا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی، ئیتر گرینگ نییە، بڕگەکە کراوە بێت یان داخراو. لەگەڵ ئەوەیشدا نمونەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە لە شێوەزارەکەدا ڕێژەی ناوی سێ - بڕگەییەکان لە وشەی یەك بڕگەیی و دوو- بڕگەییەکان کەمترن. هەروەها لە پۆلەڕەگەزیی (ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ناوی کرداریی) وشەی سادەی سێ - بڕگەیی نەبینرێتەوە.

٣- وشەی سادەی چوار - بڕگەیی

/ شەمەندەفەر/ [Šemendefer>[ʃə . mən . də . f ər>

/ جامەدانی/ [camedani>[ʧa . mə . da . nI ~ ʧa . mə . ni>

٤-١/٢) تەرزی هێز لە وشەی (مۆرفۆلۆژییدا morphological words - )

وشەی مۆرفۆلۆژیی ئەو جۆرە وشانە دەگرێتەوە، کە فرە مۆرفیمن و بریتین لە وشەی (داڕێژراو - هەڵگوێزراو، لێکدراو - هەڵگوێزراو). لەبەرئەوەی وشەی مۆرفۆلۆژیی لە مۆرفیمێك یان زیاتر پێکدێت. بۆیە پێشبینیدەکرێت فرە - بڕگەیی بێت و هێزی سەرەکیی بکەوێتە سەر دوابڕگەی وشەکان.

١-٤-١/٢) هێز لە وشەی (هەڵگوێزراودا)

ئەو جۆرە وشانەن، کە لە مۆرفیمێکی سەرەکیی - سەربەخۆ و مۆرفیمێکی داڕشتن (پێشگر) یان ( پاشگر) بێت. پێکەوە وشەیەکی داڕێژراوی نوێ و بەواتایەکی نوێوە بەرهەمبهێنن و پێیاندەگوترێت (مۆرفیمی هەڵگواستن - Derivation morpheme).( بێستون حەسەن ئەحمەد: ٢٠١١ : ١٩).

١-) هێز لە وشەی (هەڵگوێزراودا) بەپاشگرەوە

/ بەفر - ین / [bˁəf . ri:n> [befr - în>

/ چڵك - ن / [ʧˁiɫ . kɨn> [çilk - n>

/ ڕاست - ە/ [Rˁa:s . tə> [řast - e>

/ پوخت - ە/ [ pˁux . tə> [puxt - e>

/ گۆڕ - ستان/ [gˁo . Rɨs . tan> [gořr - stan>

/ گوڵ - دان/ [gˁuɫ . dan> [gul - dan>

/ پیس - کە/ [pˁi:s . kə > [pîs - ke>

/ بیر - ۆکە/ [bˁi: . ro . kə> [bîr - oke>

/ کورد - ایەتی/ [kˁur . da . yə . ti> [:kurd - ayetî>

نمونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە هێزی سەرەکیی لەسەر بڕگەی کۆتایی وشەکان بێت، واتا (پاشگر) ەکان.

٢-) هێز لە وشەی (داڕێژراو - هەڵگوێزراودا) بەپێشگرەوە

پێشگرەکان بەزۆری لە وشەی مۆرفۆلۆژیی - وشە دروستکردندا هێز وەرناگرن و بەبێهێزن (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ٢٣٤-٢٣٥). لە لێکۆڵینەوەکانی تردا، بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەجێکەوتەی هێز لە وشەی داڕێژراو بەپێشگرەوە نەکراوە.

ا)پێشگرەکانی نەرێکردن (/ نا، نە /) کاتێک دەخرێنە سەر وشەیەکی تر، دەتوانن بەشدارییی لەدروستکردنی وشەی نوێدا بکەن،وەک

/ نا - خۆش/ [ na-xôş>[ na . xoʃ>

/ نا - کەس/ [na-kes>[ na . kəs>

/ نە - خۆش / [ ne-xôş>[ nə . xoʃ >

/ نە - ترس/ [ne-tirs >[ na . tɨrs>

پێشگرەکانی نەرێکردن بەتایبەتی (/ نا، نە /) کاتێك بەشدارییی لەدروستکردنی وشەی نوێدا دەکەن بێهێزن، بەڵام دەشێت لە سینتاکسدا هێز وەربگرن.

ب) هێز لە وشەی داڕێژراودا، بەپێشگرەکانی دیکەوە

/ بێ - جەرگ/ [ be . ʤəg> [bê-cerg > / بێ - هێز/ [ be . hez > [bê-hêz>

/ بە - هێز/ [be-hêz>[ bə . hez >

/ بە - گوڕ / [be-guř >[ bə . guR >

/ ڕا - کردن/ [řa-kirdin>[Ra . kɨr . dɨn>

/ هەڵ - کردن/ [heÎ-kirdin> [ həɫ . kɨr . dɨn >

/ هەڵ - فڕین/ [heÎ-fřin>[ həɫ . fɨ . ri:n>

٢-٤-١/٢)هێز لە وشەی لێکدراودا

وشەی لێکدراویش ئەو وشەیەیە، کە لە دوو وشەی فەرهەنگیی- سادە، یاخود لە دوو وشەی سادە و (ناوبەند - Interfixus ) پێك پێکدێت. وەهای بۆدەچین لە وشەی مۆرفۆلۆژیی - لێکدراویشدا، هێزی سەرەکیی - یەکهەم بخرێتە سەر کۆتایی - بڕگەی (سەگمێنت - یەکە)ی دوهەمی وشە لێکدراوەکان. هەروەها هێزی لاوەکیی - دوهەمیش بەشێوەیەکی خورتیی یان سەرپشکی بخرێتە سەر بڕگەییە گرژەکانی(/ و، ی/) سەرەوە، ئەگەر لە وشەی یەکهەمدا هەبوون (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ٢٢٣-٢٢٥).

١- تەرزی هێزی وشەی لێکدراو، بە (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار)ەوە

ا)هێزی وشەی لێکدراو بەبێ (ناوبەند - Interfixus )

هێزی سەرەکیی بەهەمان شێوەی وشەی (سادە و داڕێژراو) دەخرێتە سەر کۆتایی - بڕگەی (سەگمێنت)ی دوهەمی وشە لێکدراوەکان.

/ شا - گوڵ / [ʃa: . guɫ> [şa - gul >

/ دار - دەست/ [dar- dest>[da:r . dəst>

/ ماست - ئاو/ [mast . ʔa:u> [mast - Eau>

/ دڵ - شاد / [dil - şad >[dɨɫ . ʃa:d> / مار - ماسی / [:mar - masî>[mar . ma . si>

/ باڵا - بەرز/ [ba .ɫa . bərz> bala - berz> / دڵ - پاك/ [dɨɫ . pa:k> [dil- eak>

ب) هێزی وشەی لێکدراو بە (ناوبەند) ەوە. هێزی سەرەکی بەهەمان شێوەی نمونەکانی( ا) دەخرێتە سەر کۆتایی - بڕگەی (سەگمێنت)ی دوهەمی وشە لێکدراوەکان.

/ قوڵ - ە - بەرز/ [qul - e - berz >[qu . lə . b′ərz >

/ گوڵ - ە – جۆ/ [gul -e - co>[gu . ɫə . ʤ′o>

/ گوڵ - بە - دەم/ [gul - be - dem>[ guł . bə . d′əm>
/ قوڕ - بە - سەر / [quř -be - ser >[quR . bə . s′ər>
/ لەرز - و - تا / [:lerz - u - ta >[lər . zu . t′a >
/ هێلکە - و - ڕۆن/ [hêlke – u - řon> [hel . kəu . R′on >
/ سەر - ان - سەر / [ser – an - ser > [sə . ran . s′ər>
/ دۆڵ - او - دۆڵ/ [dol – aw - dol>[do . łau . d′oł>

٥-١/٢) تەرزی هێز لە ناوی کردارییدا

یەکەم- ناوی کرداریی سادەی یەك - بڕگەیی

بەمەبەستی پۆلێنکردنی ناوی کردارییەکان لە ڕوی دروستەی مۆرفۆلۆژییەوە، لە(ڕەگ + تاف + پاشگری لە کردار خستنی/-ن/) بە سادە دادەنێین و لە جۆرەکانی تری جیادەکەینەوە. واتا ناوی کرداریی سادەی یەك - بڕگەیی، ئەو کردارانە دەگرێتەوە، کە هیچ (پێشگر و پاشگرێك) یان لەگەڵدا نییە. وەهای بۆدەچین لەم جۆرە وشانەیشدا هێز لەسەر دوا بڕگەی - بڕگەییەکانی وشەکان دابنرێت.

ا) لەشێوەزارەکەدا بەشێوەیەکی گشتیی ناوی کرداریی سادەی یەك - بڕگەیی( cv ) کراوە بەدی ناکرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێك لە زماناسانی کورد، وەهای بۆ دەچن لەزمانی کوردییدا ناوی کرداریی سادە نییە، چونکە لە مۆرفیمێك یان زیاتر پێکدێت (بڕوانە: محمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٩: ٤٤، عبدولوەهاب خالید موسا: ٢٠٠٩: ٥٩-٦٣).

ب) ناوی کرداریی سادەی یەك - بڕگەیی داخراو cvc
/ چوون/ [ʧu:n] ˜ [ʧwin> [çûn>
/ بوون/ [bu:n] ˜ [bwin> [bûn>
/ مان/ [man>[ma:n>
/ دان/ [dan>[da:n>

لەو ناوە کردارییانەی سەرەوەدا، تەنها وشە بەبڕگەییەکانی (/وو، ا/) دەبینرێنەوە و بەبڕگەییەکانی دیکە نابینرێنەوە.

پ- ناوی کرداریی سادەی یەك - بڕگەیی داخراو ccvc
/ فڕیین/ [fřîn>[fRi:n>
/ بڕیین/ [břîn>[bRi:n>
/ بریین/ [brîn>[bri:n>
/ گلان/ [glan>[gla:n] ˜[glya:n>
/ بڕان/ [břan>[bRa:n] ˜[bRya:n>

بەپێی نمونەکانی(ا، ب)ی سەرەوە، تەنها ناوی کرداریی سادەی یەك بڕگەیی داخراو) gcvc و ccvc بەدیدەکرێت و تەرزەکانیتر نابینرێنەوە.

٢/١-٥-١) تەرزی هێزی لە ناوی کرداریی مۆرفۆلۆژیدا

ناوی کرداریی - مۆرفۆلۆژیی ئەو جۆرە ناوانە دەگرێتەوە، کە بەیاساکانی وشەدروستکردن و لە وشەی (هەڵگوێزراو و لێکدراو) دابڕێژینەوە. لەبەرئەوەی وشەی مۆرفۆلۆژیی لە مۆرفیمێك یان زیاتر پێکدێت. بۆیە پێشبینیدەکرێت فرە- بڕگەیی بێت و یاساکانی بەخشین و پێدانی هێز لە وشە مۆرفۆلۆژییەکانیشدا جێبەجێبن. گەورەترین/ دیاریترین هێز دەکەوێتە سەر دوابڕگەی وشەکان ) محەمەدی مەحویی :٢٠١٦ : ٢٢٦).

٢-٥-١/٢) هێز لە ناوی کرداریی (هەڵگوێزراودا)

هێز لە ناوی کرداریی (هەڵگوێزراو) بەپاشگری (/- ەوە/) ەوە، پێشبینیدەکرێت هێزی سەرەکی لەسەر کۆتایی وشەکان بێت، واتا لەسەر پاشگرەکە دابنرێت. هێزی دوهەمیش سەرپشکیی بخرێتە سەر بڕگەیی (بڕگەی) یەکهەمی ناوەکرداریەکان.

/ نوسیین - ەوە/ [nûsîn - ewe>[nu . si . nˁə . wə>

/ بردن - ەوە/ [birdin - ewe >[bɨrd . nˁə . wə>

/ خواردن - ەوە/ [xwardin - ewe>[xward . nˁə . wə>

/ کردن - ەوە/ [kirdin - ewe >[kɨrd . nˁə . wə>

٢/٢-٥-٥) هێز لە ناوی کرداریی (لێکدراو) دا

لەپێکهاتەی ئەم جۆرە وشە لێکدراوندەدا، دەشێت لە (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردارێك) و (ناوێکی کرداریی)دروستبکرێن. بەهەمان شێوە، هێزی سەرەکیی دەخرێتە سەر کۆتایی - بڕگەی (سەگمێنت)ی دوهەمی وشە لێکدراوەکان و هێزی دوهەمیش-لاواز، لەسەر وشەی یەکهەم دادەنرێت.

ا)هێز لەناوی کرداریی، تەنها بە دوو وشەی فەرهەنگییەوە

/ فڕێ - دان/ [fRe . da:n> [fřê - dan >

/ یەك - گرتن/ [yək. gɨr . tɨn> [yek - girtin >

/ سەر - کەوتن/ [sər . kəu . tɨn> [ser - kewtin>

/ نان - کردن/ [nan . kɨr . dɨn> [nan- kirdin >

/ دەست - بڕین/ [dəst . bRi:n> [dest - břîn>

ب) ئەو وشە لێکدراوانەی بڕگەی یەکهەمیان بڕگەیی / و، ی/ یان تێدایە، دەکرێت سەرپشکیانە هێزی دوهەمیش بخرێتە سەر سەگمێنتی یەکهەمیان، چونکە لەم جۆرە وشانەدا وەستانێکی کورت ڕوەدەدات. ئەمیش لە جۆری لێکدراوەکانی تری جیایدەکاتەوە.

/ سور - بوون/ [sˁur . bu:n> [sur- bûn>

/ سوڕ - دان/ [sˁuR . da:n> [suř - dan>

/ بیر - کردن / [bˁir . kɨr . dɨn> [bîr - kirdin>

/ پیس - کردن / [bˁis . kɨr . dɨn> [bîs - kirdin>

## ئەنجام

١- بەشێوەیەکی گشتیی لە لێکۆڵینەوەکاندا دوبارە بونەوە و بەرچاو دەکەوێت. بەتایبەتی لەئەو بەرهەم و نمونانەی، کە وەهای دادەنێن لە زمانی کوردییدا جێگۆرکێی هێز دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا.

٢- لە ناوی کرداریی سادەی یەك - بڕگەیی داخراو cvc تەنها بەبڕگەییەکانی (/وو، ا/) دەبینرێنەوە و بەبڕگەییەکانی دیکە نابینرێنەوە.

٣- بڕگەییە خاوەکان و گرژەکانی سەرەوە فۆنێمن و لە بڕگەکانی ناوەوە و کۆتایی وشەدا جیاواز دەردەکەون.

٤- لە وشەی سادەی فرە بڕگەیی و مۆرفۆلۆژییدا، هێزی سەرەکیی لەسەر دوا بڕگەی وشەکانە. پاشگرەکانیش بەزۆری هەڵگری هێزن، بەڵام پێشگرەکان ئەو تایبەتمەندییەیان نییە.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی

١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٢- بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١١)، کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣- تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٥)، دەنگسازی چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.
٤- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩٨)، پەیرەی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغدا.
٥- عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٩)، هێز و ئاوەزە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، کوردستان، هەولێر.
٦- غازی فاتح وەیس (١٩٨٤)، فۆنەتیك، بغداد.
٧- محمد ئەمین هەورامانی (١٩٧٤)، فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
٨- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩)، کارپۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ (ژ١٢١)، بەغدا.
٩- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێهەم، هەولێر.
١٠- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١١- محەمەدی مەحویی (٢٠١٦)، مەنامە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
١٢- عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٩)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٣- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر.

## سەرچاوەکان بەزمانی عارەبی

١- أبرهيم أنيس (١٩٧٥)، الاصوات اللغويه، مكتبه الانجلو المصريه.

## سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی

١- Amin, W . O. (١٩٧٩ ). Aspect of The Verbal Construction in Kurdish. London University.
٢-Ahmad, M . R . (١٩٨٦). The Phonemic systems Of Modern Standard Kurdish . University of Michigan.
٣- Fattah, M . M . (١٩٩٧). A Generative Grammer of Kurdish. University of Amsterdam. Unpublished Doctoral Dessertation.
٤- Fattah, M . M . (١٩٨٠). On The stress System of Kurdish. Zanco. The Scientific journal of Sulaimaniyah University. Vol٦-. No٢-.sep.
٥-Maccarus,E. N. (١٩٥٨). A Kurdish Grammer Description of Sulaimaniyah, Iraq. Washington. Plandgraph . Company.
٦- Mackenzie, D. N. (١٩٦١). Kurdish Dialect Studies vol. ١. London: Oxford University press.

# ملخص البحث

خصص هـذا البحـث لدراسـة( النـبرة ومواقـع وضـع النـبرة) وهـو جـزء مـن اطروحـة الدكتـورا( النـبرة و (accent) في لهجةكركـوك) حيـث اشرنـا الى تشـعبات النـبرة واماكنهـا في الكلمات البسـيطة والمشـتقة-الصرفية.

يتكون البحث من مقدمة و فصلين والنتائج وملخص البحث باللغة العربية والأنكليزية.

الفصل الأول: للتوضيح اشرنا بشكل مختصر للأبحاث الكوردية التي تناولت موضوع النبرة في اللغة الكردية.

الفصل الثاني: خصصـت لدراسـة النـبرة ومواقعهـا في لهجة-كركـوك، بمعنـى الدقـة في الأشـارة الى تشـعبات النـبرة في قامـوس اللغـة- الكلمات البسـيطة وغـير البسـيطة. وقـد اثبتنـا ان النـبرة تتعلـق اكـثر بالمقطـع وليـس لتغـير المعنـى، بـل هـو يظهـر كثقـل في مواقـع الكلمـة القاموسـية والصرفيـة، أي ان الأجنـاس المختلفـة يطالبـون بتشـعبات نبريـة لغـرض تشـخيص مواقـع النـبرة في الكلـمات اللغـة.

لقـد تـم تحليـل النظـري حسـب خطـوات المدرسـة البنيويـة والقواعـد التوليديـة، الأمثلـة المسـتخدمة ماخـوذة مـن الـكلام اليومـي الحـالي للهجة-كركـوك، الى جانب(الف-بـاء) الكـوردي و اللاتينـي، تـم اسـتخدام(الف-باء) العالمي(IPA)لغـرض التوضيـح وعـرض الأمثلـة.

# Abstract

This research is specific to study (stress an stress Location). It is considered a part of the original Phd paper under the title (stress and accent of Kirkuk city) wher was preferred to fulfillment and place of articulation in simple words and conjugated derived words. The paper consist of an introduction, two chaptar and conclusions, as wellas a brief summary in both Arabic and English languages.

Chapter one is a short view of kurdish research that present the topic of the stress.

Chapter two dealt with stress in more detail way showing its pronunciation and place of articulation the accent of Kirkuk city as well as the accuracy of these stress once speken in the dictionary of simple natural or derive words. It is proved that stress is related to syllables more than trying to, the change of word meanings and shows some types of pressure one words found in the dictionary.

A great number of different natiunalities reqvest has to heve given to the full pronunciation of word syllables (stress) inorder to show its origiinal pronunciation and place of articulation.

The theoretical analysis has been completed according to the Followers in structural and Generation grammar rules. The examples are taken from everyday Language, Kurdish and Latin Alphabets and the (IPA) Glabal Alphabets to show and clarify those instances.